# شیزۆفرینای شارستانییەتی کوردی
# لە نێوان ڕۆشنبیری گەردوونی و ڕۆشنبیری تایبەت دا

د. ئەحمەدی مەلا

## دەسپێک

دەسپێک با ناو لە شتەکان بنێن. ئێمە باس لە ڕۆشنبیریی کوردی ئیمرۆ دەکەین. پێناسەی ڕۆشنبیریش ئەو کەسە دەگرێتەوە کە لە بواری نووسینە جوداوازەکاندا ئیش دەکات. زۆرێک ئەم ناوەیان پێ دەبڕێت چونکە لە واقیعی کوردی دەژین، ئەگینا جێگۆرکێ بە شوێن زۆرینەی ئەو ناوانە دەخاتە دەرێ!
لێکۆڵینەوەی لەمەڕ واقیعی ئێمە گەلێ دژوارە، چونکە دراومان زۆر لە ژێر دەست دا نییە. هێشتا دامەزراو ئیشی خۆیان ناکەن، سیاسەت لە مانا هەرە تەسکەکانی بەکاردێت، پەروەردە تا قوولەقاپی لە نێو عەقڵییەتی ترادیسیۆن و تەقلیدی دایە، مافەکانی ژن و پیاو منداڵ، ناوبەناو دەکەونە سەر زاران، ئەویش هەمیشە دوای کارەساتێکی جەرگبڕەوە. مەڵبەند و سەنتەر ڕۆشنبیرییەکان لە دامێنی حیزبەکانەوە شۆڕ دەبنەوە. نەبوونی شەفافییەت و گەندەڵی نێو هەناوی کۆمەڵگە دەکرۆژێ، بێکاریی و دەسبەتاڵیی و لەسەر هەمووشییەوە بێبەرهەمی یەکێکە لە ئافاتە هەرە جیدییەکانی کۆمەڵگەی ئێمە. نەمەتی بیرکردنەوە و ژێرخانەکانی دەروونی و پێکهاتە سایکلۆژییەکان لە نێو پێچیدەکانی دونیای غەریزە سەرەتاییەکانەوە سەرەتاتکێ دەکەن و لێرە سەرجەم بەهای مرۆڤ دەبێتە تێشووی ئەو غەریزانە.
موفرەدەی ڕۆشنبیریی تاکو ئیستا زۆر ئیشی لەسەر نەکراوە و پێی دەچێ لە پەنجەرە بچووکەکانی حوجرەوە خۆی دەربازکردبێت و لە دوا پێناسە خوێندەوار لە نەخوێندەوار جودا دەکاتەوە.

سەرەرای کێشە لە بنەهاتووەکانی دونیای ئێمە کە لە چەقی ژیان قووت دەبنەوە، شارستانییەت بە مانا هەرە فراوانەکەی دەگرێتەوە و سەرجەم کێشەکانی ئێمە لە نێو پرۆسەی جیهانگیریی و شوێنێ ئێمە لەم ئاڵوگۆڕانەدا، سەرئاودەکەون. پێی دەچی وزەیەکی زۆر خەرج بکەین لە پێناو بەرهەمێکی کاڵوکرچ، چونکە هەندەی بە دەوری شیکلەکاندا خولمان خواردووە، هەندە تەماشای ژیان ناکەین کە بە تەنیشتمانا تێدەپەڕێ بە بێ ئەوەی لۆچ شارستانییەتێکمان لێوە دیار بێت ئۆخژن و مژدەی بۆ نەوەکانی داهاتوو پێ بێت.

یەکێک لە نووقسانییە هەرە لەبەر چاوەکان ئەوەیە کە بە هیچ جۆرێ هەست بە هەمەئاهەنگی لە نێوان دیدەکان ناکرێت. دیدێکی روون لە ئارادا نییە هەموو دیاردەکان پێکڕا ببەستێتەوە: سیاسەت لە واتا ئیتیمۆلۆژییەکەی دا، لە ڕێکخستنی کۆمەڵگادا خۆی ئاشکرا دەکات، واتە سەرجەم کێشەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەریان بۆ دەدات. کەچی هەر کەرتێک لە سەر ئاوازێک دەخوێنێ، میعمار پەیوەندی بە شەقامەوە نییە، ئوتێل و چێشتخانەکان پەیوەندییان بە تەندروستی و خزمەتگوزارییەوە نییە، سیاسەت بە چاوێکی دوورەوە ناڕوانێتە هاوڵاتی و هاوڵاتیش خۆی داوەتەوە دەستی قەدەرەوە.

لە نێو ئەم کێشانەدا، کۆمەڵگەی کوردی تووشی شیزۆفرینیا هاتووە. ئەم نەخۆشییەوە تەنها کۆمەڵگەی کوردی ناگرێتەوە، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە عەرەبییەکانیش دەگرێتەوە کە هەمان تەرکیبی دەروونی و پاشخانە عەقڵیی و ئاینییەکانیان هەیە. ئاین بەشێکی زیندوو نییە، بەڵکو لە مومارەسەی شیکل و قەپێلغ دا چەق دەبەستێت. ئەم کەرتبوونە تا رادەیەک سەرجەم ژیان و تێگەیشتمان بۆی و مومارەسەکانمان لە گەڵی

دەگرێتەوە. لە دوو دونیا دەژین. دونیایەکی پتەو، تەقلیدیی، بەهاکان ئەزەلین، پرسیار مەحاڵە، عەقڵ نایەوێ بکەوێتە دیالۆگ و گفتوگۆ، جەستە لە نێو کێشەکانی چەقی خواردووە ؛ دونیایەکی دیکە لە ڕێگای کەرەسە و ئامێرە شیلکییەکان کە بەرهەمی ئەویترن دەگاتە ئێمە : لە جلوبەرگەوە بۆ مۆبایل و پلەی ستەیشن، تا کامێرا و سەرجەم چەمک و بۆچوونە ئەبستراکتەکان.

لەم نێوەندەش ڕۆشنبیر بەسەر خۆیدا دابەش بووە. ئەویش وەکو هەموو هاوڵاتییەکی دی، لە نێو ئەم پاشەگەردانییە دەژێت. بە نووسینی شیعری، کورتە چیرۆکی، بابەتێکی ڕۆژنامەوانی، یەک دوو ڕەخنەی لاوەکی، خۆی بە فاکتەرێکی پۆزەتیف دادەنێت، وێڕای ڕۆشنبیرانی بەر سێبەری دەسەڵات و ڕۆشنبیرانی دەسەڵات.

**زاراوەی میشێل فوکۆ:**

لە کتێبی "وتراو و نووسراوەکان" میشێل فوکۆ باس لە ئەنتێکتوالی (ڕۆشنبیر) تایبەت و ئەنتێکتوالی گەردوونی دەکات. فوکۆ دەڵێت :" دەمێک ئەنتێکتوالی سەر بە چەپ، شەرعییەتی ئەوەی لە خۆ دەبینی کە وەک مامۆستایەک لە بارەی ڕاستی و عەدالەتەوە بدوێ. گوێی لێ ڕادەگیرا، هەست بەوە دەکرا کە وەک ئەوەی گوێ بۆ نوێنەرێکی گەردوونی شل بکرێت. ئەنتێکتوال دەبووە زەمیر و وێژدانی هەمووان. دەمێک ساڵە ئەم داوایە لە ڕۆشنبیر ناکرێت، بەڵکو ئەنتیلکتوال ئیتر لە نێو گەردوونی ئیش ناکات، بەڵکو لە بوارێکی دیاریکراوە....چەندین بابەت وەکو ( خانووبەرە، خەستەخانە، تەمەڵخانە، لابۆر، دانیشگا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یا جینسییەکان..) (Michel Faucault, Dits et ecrits, II. 1978, Gallimard, 2001)

ئەم زاراوەیە بێگومان لە دایکبووی کولتووری فەرەنسییە بە شێوەیەکی ئیمتیاز، چونکە لە نێو ئەو کلتوور و شارستانییەتەوە چەمکە گەردوونییەکان گەشە دەکەن و باس لە بەها ئەبەدیی و گەردوونییەکان دەکرێت. ئیمرۆشی لە گەڵ، شارستانییەتی فەرەنسی باس لەو بەهایانە دەکات کە دوای شۆڕشی بورژوازییەوە گەیشتنە ئێمە، پێش ویش، فەیلەسووفانی ڕۆشنگەریی ڕۆڵیان تێدا بینیووە.

سەرەڕای ئەوەی لە سیاقی کوردیدا، هێشتا ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە سەرجەم ئەم ئاڵوگۆڕانە لاتەریک بووە، چونکە ڕۆشبیر وەکو فاکتەرێک هێشتا بە تەواوی نەهاتۆتە نێو مەیدانی ئیشکردنەوە. مەبەست ئیشکردن لێرە سەرجەم ئەو پەیوندییانە دەگرێتەوە کە ئینسان بە دەرووبەرەکەی گرێ دەدات : سیاسی، کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەی مەدەنی، مەرج و بارودۆخی ژیان و کێشەکانی شەڕ و ئاشتی، چەمک و بۆچوونە جوداوازەکان کە عەقڵییەت و زیهنییەتی ئینسانی کوردی لە سەر بنیاتنراوە.
ڕۆشنبیریی کوردی دەمێک ساڵە خۆی بە هەڵوێستخوازییەوە خەریک کردووە. ئەم چەمکە تەواو دەگەڕێتەوە بۆ سستی فیکری کوردی لە لایەک، لە لایەکی دیش سەرجەم ئەو بارستاییەی کە کەوتۆتە سەر ئەستۆی ڕۆشنبیریی وەک تێگەیشتن و تەفاعول لە گەل ژیاندا. قەڵەمی ڕۆشنبیر لە مەرەکەبی هەڵوێستی سیاسی دەبێ هەڵکێشرێت بۆ ئەوەی میسداقییەت بە خۆی ببەخشێت، بۆ ئەوەی یاران لە دەور خۆ کۆبکایەوە، بۆ ئەوەی هەڵگری پەیام بێت. میراتی شۆڕشی شاخ و ئیشتاشی لەگەڵ یەکێکە لە پێوەرە هەرە باوەکانی ڕۆشنبیران.

هەر لەم بۆچوونەوەیە ڕۆشنبیر بیری لەوە کردۆتەوە لە نێو تەکەتول و دەستە و کۆمەڵگەرایی ئیش بکات، چ

ڕەسمی بێت چ نا ڕەسمی، چونکە کۆشش و تەقەلاکانی ئەمجۆرە ڕۆشنبیرییە هەندەی دەستەجەمعییە، لە نێو کۆبووەوە کار دەکات، هەندە ڕۆشنبیرییەکی تاک نییە، هەندەی بیر لە ئاسۆکانی سیاسەت دەکاتەوە، هەندە موغامەرەیەکی فەردی نییە، هەندەی بە هەوڵێکی دیالۆگخواز دەکرێ لە گەڵ دەسەڵات بخوێندرێتەوە، هەندە بیر لە خودی خۆ و بیر لە خوێندەری ئازا و ئازاد ناکاتەوە. لە کۆتایی دا سەر بە بەلاغیەیەکی زۆر تایبەت لە هەوادار دەگەڕێت و خەریکی جەماوەرکۆکردنەوەیە...ئەم تەکەتولە لە بواری ڕۆشنبیریی یا لە نێو ئیمتیازی دەسەڵات دا دەژێت، یا لە دووی ئیمتیاز دەگەڕێت. کاتێکیش بزانێ وەختی ئیمتیاز وەرگرتن هاتووە دەیقۆزێتەوە و پشت لە جەماوەر بچووکەکەی دەکات.

ڕۆڵی ڕۆشنبیر دەمێک ساڵ لە بۆ دوو بەرە تەسک دەکرایەوە: سەر بە شۆڕش یا دژ بە شۆڕش، نیشتیمانی یا لە دەرەوەی نیشتیمان. ئەم تێگەیشتنە لە دامینی سیاسەتێکی یەکرەهەندەوە شۆڕ دەبێتەوە. جگە لەوەی کە بەرهەمی سیاقێکی مێژوویی زۆر تایبەتە، لە هەمان کاتیش دا خاوەن بەرهەمی بە پێز و دەوڵەمەند نییە. بە شێوەیەکی دی دونیا کورت و تەسک دەکرێتەوە ئەو ئاستەی کە تەنها ئینسانی کوردی لێوە دیار بێت. ئا لیرەوە فەزای ڕۆشنبیر هەند تەسک دەکرێتەوە و دەبێتە ئەو کەسەی لە هەڵوێستەوە لە دایک دەبێتەوە. بە واتایەکی دی، ڕۆشنبیریی کورد بەچکەی هەڵوێستە زیاتر وەک خاوەنی بەرهەم بێت. ئا لەم دیدەوەش ڕەخنە دێتە دونیایەکی وێران. دونیای وێران بە ڕەخنە چارەسەر ناکرێت کاتێک بابەتی ڕەخنەشمان ئەدەبییە.

سەرەرای کورتی ئەزموون، سەرەرای کورتیی مەوداکان، دەسەڵاتی کوردی خەریکی ئەوە بووە کە ڕۆشنبیر بکاتە بەشێک لە پێکهاتەکەی و ئەم پێکهاتەیەش لە نێو ئاواتە نەتەوایەتییەکان بتوێنێتەوە. دەرچوون لەم جوغزە دەبێتە گوناهێک. ئا لێرەوە سەرجەم ئیشکالاتەکانمان لەبەردەم قووت دەبنەوە. لە دەوری دەسەڵاتدا، شوورا بە ڕۆشنبیر دروست دەبن بۆ ئەوەی لە سەر نەمەت، لە سەر یەک ئاواز هەمان سروود دووپات بکەنەوە. ئەگەر لێرە و لەوێ گوێمان لە چەند تەنویعاتێک دەبێت، بەڵام هەر لە یەک ئاوازەوە دەنگ بەرز دەبێتەوە.

سەنتەر ومەڵبەند دەبنە ئەو حەوشە فراوانەی کە بەرهەمی کاڵوکرچی تیا پەیا دەبێت و لە سەر هەمووشییەوە ڕۆشنبیرییە گەردوونییەکان باس لە هەموو شتێک دەکەن و باس لە هیچ ناکەن، ڕەخنە دەگرن، بە بێ ئەوەی پەنجە لە سەر هیچ شتێک دانێن. لە کۆتایی دا لە دوورەوە تەماشای ژیان دەکەن و ئەو شارستانییەتەی کە لێمانەوە دیار نییە، سەر هەڵنادات. کێن ئەم ڕۆشنبیرانە کە دەبنە شوورای دەسەڵات؟ چونکە هەندێ ئیمتیازاتیان بۆ بڕاوەتەوە، خۆیان ئیتر دەبنە سانسۆر بۆ خۆیان، خۆیان هێڵی سوور بە دەوری خۆیان دەکێشن، سەرجەم بابەت و بەرهەمەکانیان ئەدەبێکە پەیوەندی لە گەڵ وردەکارییەکانی ژیاندا نییە، ئەدەبێکە بە هەڵواسروای لە نێون ئاسمان و زەمین دا بیر لە جاوێدانی دەکاتەوە.
شیعرێکە لە بەتاڵیی ئەزموون دا دەژێت، کورتە چیرۆکێکە کورتە وەک قاچی ژیان، ڕەخنەیەکە لە دایکبوو و تێکەڵوپێکەڵیی مەنهەجە و مێتۆدەکانە : وەختبردنە سەرێکە و دوورکەوتنەوەیەکە لە ژیان. ئەم ڕۆشنبیرانە لە کۆمەڵگای کوردی گەردوونین. لە سەر سەکۆی کوردییەوە و دەمیان ئاراستەی عەدەم کردووە زیاتر لە گەردوون.

ئەم ڕۆشنبیرانە لە بەر سێبەری کۆشک و سەنتەر و مەڵبەندەکان دادەنیشن و نایانەوێ دەسەڵات لەمە زیاتر گۆشەگیریان کات. دەبنە دوو دۆستی نەیار. لە هەموو وزەیەکی خەلاق شۆراونەتەوە، بە کورتی لە هەموو شوحناتێکی شۆڕشگێریی سەبارەت بە ئافراندن و بەرهەمهێنانەوە بەتاڵکراون. لە کۆتایی دا نایانەوێت لە مە زیاتر بمرنەوە. ئەمانە هیچ مەترسییەک لە سەر دەسەڵات دروست ناکەن، هیچ زیادییەکیان لە مەڕ خەلقی

ئەدەبییەوە پێ نییە. دەسەڵات ئافەرینیان بۆ دەنێرێت کاتێ دەیانبینێ، هەند ژێر لە بەر سێبەرەکانی دەسەڵات دادەنیشن!

بەڵام جۆرە رۆشنبیرێکی دی، هەیە لە ناو جەرگەی دەسەڵاتن. لە کۆڵانە تەسک و تاریکەکانی ئەودا گەورە دەبن و هەراش دەبن. ئەمانە خاوەن سایکلۆژییەتێکی دیاریکراون. ئەمانە بوونەتە ئەڵقە لە نێوان بەرەی یەکەم و دەسەڵات. لە کتێبی " سەگی پاسەوان"، ١٩٩٨، مارسای، ( Paul Nizan, Les chien de garde, reedite, par Agone, Marseille, 1998) پۆل نیزان باس لە رۆڵی رۆشنبیرێک دەکات و بە سەگی پاسەوان نێو زەدیان دەکات. مێتافۆرێک هەندەی حەپەسان لە نێو کولتووری فەرەنسی دروست دەکات، هەندەش بۆ خوێنەرێکی کورد خاوەن بارستاییە لە بواری واتایی دا. دەسەڵات بە پێی ئەو هەلومەرجانەی کە تیایا گەشە دەکات. ئەم دەستەیە گرێدراوی دەسەڵاتن و بەڵکو دەسەڵات بە بێ ئەوان وەکو درەختی خەزانی لێ دێت.

بەشی سێیەمیش لە رۆشنبیری تاک ترووک، لە دەستەی بچووک پێکدێن. ئەم دەستەیە هیچ هاوئاوازییەکیان لە نێوان دا نییە. دەکرێ تاکێکی سەرچڵ پێکهاتبێ و دەشکرێ لە گرووپێکی بچووک پێکهاتبێت. تێکەڵوپێکەڵییە لە پێکهاتە سایکۆ-کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ پێکهاتە سیاسیەکان و لێرەوەش رەهەندە مەتلەبخوازەکانیش قووت دەبنەوە.

کاتێ رۆشنبیرێکی سەر بەم دەستەیە لە کۆمەڵگای کوردستان دا دەژێت، ژیانی تا ئەندازەیەکی دیاریکراو سەخت دەبێت، چونکە لە لایەک لە نێو کۆمەڵگای ئێمە رۆشنبیری تاک ناتوانی بە شێوەیەکی ئاسایی ئیش بکات، چونکە عەقڵییەت و مانتالیتێی تاک هێشتا بە جۆرێ گەشەی نەکردووە کە بتوانی پارێزگاریی لە خۆی بکات، یا لە نێوان دەسەڵاتەکاندا، هەمیشە لە هەوڵی هاوسەنگدۆزینەوە دایە. یا ئەوەتە لە شێوەی کۆمەڵی بچووک گەشە بە خۆی دەدات یا ناچار واقیعی کوردی بە فەزای فراوانی ئەورووپا دەگۆڕێتەوە. لەو فەزایەی کە ئازادیی ئیشکردن و تەعبیرکردن فەراهەم کراوە، بەڵام قەیرانی دیکە یەخەی دەگرێت. بە واتایەکی، رۆشنبیر بە زیهن و عەقڵییەت لە نێو کۆمەڵگە کۆنەکەی دەژێت و بە جەستەش لە کۆمەڵگەی نوێیە. لە کۆمەڵگەی نوێ بە شێوەیەکی پرۆفێسیۆنال بە ئەنتێلێکتوال ناناسرێتەوە و لە پەراوێزی ژیانی رۆشنبیریی رۆژئاوایی دەژێت.

دەستەواژەی " کۆمەڵ" و " رۆسنبیریی" هەڵگری دەلالەتی سیاسین بە مانا فراوانەکەی، چونکە لە راستی دا کاری رۆشبیریی هیچ پێویستییەکی بە کۆمەڵگەرایی نییە، چونکە لە دوا پێناسەدا رۆشنبیریی کارێکی تاک و تەنهایە، بەڵام کاتێ کۆمەڵ لە دەور پنتێک دروست دەبن دەبێت لە ئامانج و هۆکارە شاراوەکان ورد بینەوە و چەندین پرسیار لە خۆمان بکەین : لە چ زرووفێک دا درست بوونە و خیتاب و دیسکۆرسی ئەو دەستەیە چییە؟ چۆن خیتابەکان تەشکیل دەبن و ئاراستەی کێ دەکرێت و کێن خوێنەری ئەو کۆمەڵانە؟ لە سەر چ ستراتیژییەتێک ئیش دەکەن و تەکتیکەکانیان چۆن دەخەملێن و چۆنیش گەشە بۆ خۆیان دەدەن؟ کاتێک بیر لەم پرسیارانە دەکەینەوە و هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەکەین، گەلێ ئامانج دەپێکین.

**رۆڵی رۆشنبیر لە کۆمەڵگای کوردی دا**

بۆچی مەودای وەزیفی رۆشنبیری لای خۆمان یەکجار تەسکە؟

تا ئێستا رۆڵی رۆشنبیر لە کۆمەڵگەی کوردی لە دەوری کێشەکانی دەسەڵات چەقیبەستووە. دەسەڵاتی پێشوو کە لە رژێمی سەددام دا قەوارەی وەرگرتبوو و ماوەیەکیشە لە دەوری دەسەڵاتی نوێی کوردی دا سەقامگیر دەبێ. وەکو ئەوەی رۆشنبیریی تەنها بەرامبەر بە ئاوێنەی دەسەڵات دا دەتوانێ درک بە خۆی بکات. یا ئەوەتە هەر

دەسەڵاتە ماناکان دەبەخشێتە رۆشنبیر و رۆشنبیریی. ئەم هاوکێشەیە بەشێکی راستە، بەشەکەی دی دەگەڕێتەوە بۆ سستی پرۆسەی رۆشنبیریی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. تاکو ئێستا رۆشنبیریی موراديفی نووسین و خوێندن بووە. رۆشنبیر ئەو کەسە بووە لە حەشاماتی نەخوێندەواران جودا دەکرایەوە. ئەم پێناسەیە گرینگە لە کۆمەلگایەک کە بەشێکی زۆری نەخوێندەواربێت، بەشێکی بە شێوەیەکی نامەنهەجی فێری خوێندن و نووسین بووە، ئەو بەشە کەمەی کە خاوەن مێتۆد و بەشێوەیەکی ئەکادیمی فێری خوێندن و نووسین بوونە، هەندێجار ئەوانیش دەیکەنە شەڕە قەڵەمێکی بێویژدانانە کە ئینسان ئاواتەخوازی نەخوێندەوارێکی لای خۆمانە.

پێویستە پێناسەیەکی دیکەی رۆشنبیریی بکرێت. هەروەکو لە زمانە زیندووەکانی دونیا کولتوور بەرامبەر بە سروشت دادەنرێت. کولتوور بە سەرجەم ئەو چالاکییانە دوترێت لە ئینسان رۆڵی تیا بنییەوە و خەمڵاندوێتی کردوویەتی پێکهاتەیەکی گرینگ لەو شارستانییەتەی کە تیایا ژیاوە و دەژێت. مۆسیقا لە پاڵ هونەری چێشتدروستکردن بە کولتوور دەدرێتە قەڵەم، رێزگرتن لە کات و رێزگرتن لە ژینگە و زیندەوەرانی سەر ئەم زەمینەش دیسانەوە کولتوورە، فێری گوێگرتن لە پاڵ وەرزش و گرینگی دا بە تەندرووستی و لەش کولتوورە... بە کورتی هەموو چالاکییەک، رەفتار و هەڵسوکەوتیش دەدرێنە پاڵ کولتوور.

لە کۆمەڵگەی ئێمە کولتوور لە جۆرە شەڕێک پێکهاتووە لە نێوان کۆن و نوێیان، لە نێوان ئەوانەی شیعر بە قافیە دەنووسن و ئەوانەی هەستیارن بەرامبەر بە شیعری ئازاد، لە جۆرە شەڕێک پێکهاتووە لە نێوان ئەوانەی خۆیان بە نویخواز دەزانن و ئەوانەی کە دەمێننەوە سەلەفی و کۆنخوازن، شەڕێکە لە نێوان ئەوانەی لە نزیک دەسەڵاتن و ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن...

ئەم شەڕە بێکەڵکانە تەنها لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا هێز شک دەبەن. کاتێ شەڕ لە مەیدانی کولتووری نامێنی، ئاشتی خەڵک وەرس دەکات. ئافراندن لە گۆرانییەکی ئەبەدییەوە دەبێتە شەڕێک لە پێناوی دامرکاندنەوە ئاگرێکی سایکلۆژی کە دەمێکە لە نێو رۆحە کلۆڵەکان هەڵایساوە. کۆتایی ئەم شەڕەش بە رستێ دەرز لەمەڕ ئەخلاقەوە کۆتایی دێت، چونکە وا دەزانرێت کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ئەخلاقە. نەخێر ئەخلاق هیچ پەیوەندی بە پێشکەوتنەوە نییە، ئەوەی کە کۆمەڵگەی نوێ گەرەکیەتی، کۆمەڵێ یاسان و پەیڕەو بکرێن، چەند پێوەرێکە بۆ هەمووان.

**باگراوندە کولتوورییەکان**

کۆمەڵگای کوردی بەرهەمێنەری تیۆری نییە، بە واتایەکی دی ئێمە لە سەر بەرهەمی تیۆری کەڵەکەبووی دونیا دەژین. ئەم راستەیە تەنها بواری ئەدەبی و زانستە مرۆییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو زانستە پەتییەکانیش دەگرێتەوە. هەر سەرچاوەیەکی ئەدەبی کوردی تەماشا بکەین چاومان بەم راستییە دەکەوێت. تیۆری گەمەیەکی زیهنیی نییە تەنها بۆ دەرخستنی توانایەکان بێتە گۆڕێ، بەڵکو هەروەکو ژیل دەلووز، باسی لێوە دەکات و دەڵێت دەبێت خاوەن وەزیفە بێت. واتە لە بوارە تەتبیقییەکاندا بێتە زمان و کاری هەبێت. تیۆر گەمەیەکی زیهنیی نییە، رۆشنبیر و ئەنتێلێکتوال خۆیانی پێوەخەریک بکەن، بەڵکو دەبێ بۆ شتێک بشێت. هەر لەم بوارەوە، پروست وەکو نموونە دەهێنێتەوە و لە دەم ئەوەوە دەڵێ : مامەڵەی چاوێلکە لە گەڵ کتێبەکانم بکەن، کاتێک هەستان کرد کە ئەو چاوێلکەیە بە کەڵکی ئێوە نایەت، داینێن و لە چاوێلکەیەکی دی بگەڕێن کە بۆ چاوی ئێوە دەشێت. ( ژیل دولوز، رۆشنبیر و دەسەڵات، لارک، ئیکس ئەن پرۆڤانس، ١٩٧٢) ( Gilles Deleuz,

les intellectuels et le pouvoir, entre Michel Faucoult et Gilles Deleuze, L'Arc, noung, Aix en Provence, mai, 1972)

دەكرێ ناو لەم قۆناغەمان بە "لاساییكردنەوە" ناوبەرین. موفرەدەیەكە ئاساییە. لاساییكردنەوە بە بێ هەستكردن بە كەمێتی، رێگاخۆشكەرە بەرەوە ئافراندن!!!

**رۆڵی جیهانگیریی**

رۆشنبیریی كوردی هەر وەك رۆشنبیریی توركی یا فەرەنسی لە نێو شەرێكی گەورەی جیهانیی دایە كە بە جیهانگیریی نێوزەد دەكرێت. واتە ئێمە بە زمانی كوردی بەڵام بە كەرەسە تێوری و مەعریفییەكانی دونیا باس لە خۆمان و لە زمان و لە عەقڵییەت و لە دونیای رۆشبیریی دەكەین. دەتوانین بڵێن وەكو هەموو كەرەسەكانی تر كە ئەویتر بەهەمی دەهێنێ هەر لە چەمك مەعریفییەكانەوە بۆ تەكنیك و تەكنەلۆژیا و ئامێری هەمەچەشنە كە هەندێجار بە تایبەت بۆ عەقڵییەتی دونیای ئێمە ( وڵاتانی كەنداو) هاتوونەتە بەرهەم، هەڵسوكەوت دەكەین. هەر لە چەمكە سیاسییەكانەوە تا ئەو چەتاڵەی كە خواردنی پێدەخۆین لەویترەوە گەیشتۆتە ئێمە. لە چەمكی ئۆتۆنۆمییەوە بۆ فیدرالییەت، لە مافی مرۆڤەوە بۆ مافی ژن و منداڵان، لە ۆرك شۆپەوە بۆ سیمینار و وانەكانی دانشگا بەرهەمی جیهانی ئێمە نین.
ئایا ئێمە لە نێو جیهانگیریی دەژین یا سەپاوەتە سەرمان؟

كاتێ سەیری نەخشەی دونیا دەكەین و لە وڵاتانی بەرهەمهێنەر دەكۆڵینەوە بەرامبەر بە سێ بلۆكی زل دەبینەوە: ئەمەریكای باكوور، وڵاتانی ئەرووپای یەكگرتوو و یابان ؛ رۆڵی چین و هیندوستانیش دەبێ بە هەند وەرگیرێت، دەبێ جیهانگیریی لەو ئاڵوگۆڕە پیشەسازیی و بەرهەم و بەهای ماددی و مەعنەوی پێكدێت كە لە نێو ئەو وڵات و تەكەتولانە كەوتۆتە گەڕ. گرینگی وڵاتانی عەرەبی و ئێمەش بەشێكین لەو پێكهاتەیە، تەنها بەرهەمی نەوتە كە وایكردووە نەچینە پەراوێزی وڵاتە هەرە لاتەریكەكانی دونیا، ئەگینا بەشداریمان لە بەرهەم و ئاڵوگۆڕكردن هەند سستە دەبێ زەڕەبین تەماشا بكرێت.
كەواتە رۆشنبیریی ئێمە لە كۆتاییدا، بەرهەمهێنانەوە ئەویترە بە زمان كوردی. بە كوردی ئەویتری ئازاد، ئەویتری سەركەتوو دەڵێینەوە. وەكو ئەوەی كە نۆتەی مۆسیقایەك بكەوێتە بەر مۆسیقاژەنێكی كوردی و بیكوردێنێ. ئەمە بۆ ئافراندنە ئەدەبی و هونەریی و سینەماییەكانیش هەر دروستە. شیعری پەخشان و رۆمانی واقیعی و فەنتازی و واقیعی سیحری و سوریالییەت و مۆنتاژ و كۆلاژ و شەشپالووی ئەپستراكت و فیگەر و مۆنۆكرۆم و رۆڵی ڤیدیۆ لە تەشكیل و پەیكەرتاشی نوێ و هتد...رابردووی ئێمە بە گۆرانییەك دەكات تەواو بوویێت.
دەبێ پێش هەموو شتێك دان بەم راستییە تاڵە بكەین.
كەواتە ئینسانی لای ئێمە تووشی جۆرە تەغرەبێك بوونێك لەمەڕ ئەو كەرەسانە هاتووە، چونكە لە لایەك خۆی نەیهێناوەتە بەرهەم و بەكاری دەهێنێ، لە لایەكی دیش ئاستی عەقڵییەت و بیركردنەوە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە، بۆیە لە پەیوەندییەكی نامۆدا هەڵسوكەوت لە گەڵ ئەو ئامێر و كەرەسانە دەكات. وێڕای ئەوەی هیچ پەروەردەیەكیش هاوكات لە گۆڕێ دانییە.

جیهانگیریی وەكو پرۆسەیەكی ئابووری، كولتووری و بەهاكان سوودی گەلێ زۆرە و لە كۆتاییدا ئەوەمان پێ دەڵێ كە هەموو بەشرییەت لە نێو یەك كەشتی دا دەژێت ولە كۆتاییش دا، لە رێگای ئەم پرۆسەیەش دا هۆشیاریی ئینسان لەمەڕ دەروبەر و ژینگە و ئەویترەوە دەگەیەنێتە ئاستێكی ئینسانی باڵا، بە بێ ئەوەی

لایەنە نێگەتیفەکانیشی فەرامۆش بکەین. بەڵام دەبێ ئەوەش بوترێت کە پرۆسەی جیهانگیریی بە نیسبەت ئیسپانییەکەوە هەمان شت نییە وەک بە نیسبەت پاکستانییەک، یا بە نیسبەت یابانییەکەوە تا کوردێک. ئەم پرۆسەیە پەیوەندیی بە شوێن و پێگەی ئەو شارستانییەتەوە هەیە کە ئینسانەکان تیایا دەژین.
لەبەر ئەوەی شارستانییەتی ئێمە دەمێکە لە قسەکەوتووە و ئینسانی لای ئێمە لە شیزۆفرینی شارستانییەت دا دەژێت. لە نێو دوو بەها و دوو عەقڵییەت و دوو هەڵسوکەوت. لە دوو دونیا دا دەژێت.

**رۆڵی شارستانی**

شارستانییەتی مێژووی ئێمە دەمێکە لە قسەکەوتووە. دەمێکە تەنها رابردوو دەم دەکاتەوە و ئێستامان تووشی لاڵبوون هاتووە. بە واتایەکی دی هیچ شتێکی ئەوتۆمان نییە بیکەنە دیالۆگەوە لە گەڵ ئەویتر، جگە لە فۆلکلۆرێک نەبێت کە پاراستنیشی دەوڵەمەندییەکە لە بۆ ئەرشیفی فۆلکلۆی جیهانیی.
بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەموو چەکەکان دانێن و خۆمان تەسلیمی قەدەری جیهانگیریی بکەین. نەخێر. دەکرێ ئێمەش ببینە پێکهاتەیەکی زیندوو لە سەمفۆنیای جیهانی، بەڵام تا ئێستا هیچ ئاماژەیەکی دڵخۆشکەر لە ئارادا نییە. هەندێجاریش لە رێی وەهمێکی زەرووریییەوە، خۆمان بەوە دڵخۆش دەکەین کە هەندە نابات میللەتەکەمان پێ دەنێتە نێو وەرچەرخانێکی راپەڕینەوە و وزە نهێنی و شاراوەکانمان دەتەقێنێتەوە بەشداریی تەواوی ئەم دونیایە دەکەین و بۆ هەتا هەتا لە موستەهلیک و مشەخۆرەوە دەبینە بەرهەمهێنەری وزەی خەلاق بۆ خۆمان و نەوەکانی داهاتوو.
دەمێک ساڵە ئێمە و براکانمان یەک شت دووپات دەکەینەوە و بە بێ ئەوەی بزانین باسی چیش دەکەین : رۆژئاوا خاڵی پۆزەتیف و نیگەتیفی هەیە، ئێمە پۆزەتیفەکانی وەردەگرین و نێگەتیفەکانیشی فڕێ دەدەین، بەڵام کەسێک جورئەتی ئەوەی نەکرد بڵێ ئەرێ چین ئەو خاڵانە، چین خاڵە نێگەتیفەکانی شارستانیەتی رۆژئاوا؟

لەم جەدەلە نەزۆکە جینس بە پلەی یەکەم دێتە پێشەوە و تەنها نامووسمان نەچێت هەموو شتێکمان قبووڵە. واتە هەموو شارستانیەتی ئەویترمان لە کوونی دەرگای نوستنەوە دەبینی و ئامادە نین بە چاوی بوێرەوە سەیری عەورەتی خۆشمان بکەین.
ئەم شکستە شکستی شارستانییەتەکەمانە کە هەموو فیکر و تێرامان و وردبوونەوە لە خود و دونیا دەبێتە چەند رەفتارێک و چەند هەڵسوکەوتێک کە ئیفلیجمان دەکات و لە هەمان کاتیش دا خۆمان دەبینی لە کەنارە ئاسایشەکانی رۆژئاوا نزیک بووینەوە، چونکە لە دائیرەکانمان فاکس و ئەنتێرنێت و لە سەر مێزەکانمان تەلەفزیۆن و مۆبایلیش گیرفانی مێردمنداڵەکانمانی پڕ لە گێژاو کردووە.

ئینسای ئێمە لە جلوبەرگەوە بۆ ئاخاوتن، لە جۆری دانیشتنەوە بۆ سیمنارگرتن، لە سڵاوکردنەوە بۆ ماڵئاوایی لە نێو شیزۆفرینیا دەژێت، واتە دوو کەسین لە یەک جەستە. لە ماڵ بە جۆرێک دادەنیشین، لە چیشتخانە بە جۆرێکی دی، لە ماڵ بە جۆرێک دەنووین و لە ئوتێلەکان بە جۆرێکی دی. لە وڵات بە جلوبەرگێکەوە دادەنیشین و لە دەرەوەی وڵای بە جۆرێکی دی.

بە شێوەیەکی دی، عادات و هەڵسوکەوتەکانمان. شێوەی ژیان و نەمەت و رەوتمان سەر بە دونیایەکە دەمێکە کۆتایی هاتووە، بەڵام کەرەسەی و ئامێری شارستانییەتێک بەکاردەهێنین کە بۆ ئێمە دروست نەکراوە.

ئەم ڕەوت و نەمەتە هەر وا بەردەوام دەبێت تا تەشخیسی هەموو ئافاتەکانمان نەکەین.
ئەم تەشخیسکردنەش ئاسان نییە، چونکە ئێمە جەستەی نەخۆشێکمان هەیە هەست دەکات لە ساغان ساغترە و لە تەندروستان تەندروسترە. کەواتە پێویستمان بە خۆ ڕاهێنانێکی پێداگۆگییە کە بگەینە ئەو قەناعەتەی کە کۆمەڵگەکەی ئێمە لە سەر ڕچەیەک دایە، بەڵام هەست دەکات لە ڕچەیەکی دییە.

لێرەدا ڕۆڵە لە بنەهاتووەکانی ڕۆشنبیری کوردی دەبێ بێتە زمان.
واتە پێداچوونەوەیەکی سەرتاپاگەریی بۆ هەموو چەمک و موفرەدەکان، بۆ هەموو ڕەوت و نەمەتەکان، بۆ هەموو شێوە و شێکلەکان. واتە هەڵگیرسانی شەڕێکی ئینسانی بە بێ خوێن ڕشتن، هەڵگیرسانی جەنگێکی سارد لە پێناو بەخشینی خوێنێکی نوێ بەو جەستەیەی لە هێشتا ئیمکانی ئەوەی تیا ماوە کە بکەوێتەوە سەر پێی خۆی.
واتە چەرخێک بێت بۆ ڕاپەڕین بە هەموو واتاکانی ئەم وشەیە. لاسایی بێت و تایبەتمەند بێت. ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو تەنها لە پێناوی ئەوەی کە موژدەی بۆ سبەینێ پێ بێت، ئەگینا هەموو ئاوڕدانەوەیەکی نوستالژیانە واتە چەقبەستنی زیاتر لە چڵپاوی ئێستادا. چەرخێک بێت بۆ زیهن و لەش. بە واتایەکی دی سروودێک بێت لە بۆ ژیان نەک لە بۆ مردن.

چونکە ئێمە دەمێکی حەپسی دونیایەکین کە خۆمان بە دەستی خۆمان دروستمان کردووە. ئێمە دەمێکە حەپسی سەرجەم ئەو دەستەواژە و وێنانەین کە خۆمان شکلمان پێی داوە.
ئەوەی ئێستا لە بندەستمان دایە تەنها ماددەیەکی رووتە. ماددەیەکە پێویستی بە شێلانی زۆر هەیە.
لێرەوە زاراوەکەی میشێل فوکۆ هەموو واتاکانی وەردەگرێت. ئێمە دەبێ لە ڕۆشنبیریی تایبەت بگەڕێن. تایبەت بە مانای پسپۆر لە بواری تایبەت دا. پێویستمان بە دیسکورسێک نییە پڕی لە وانەی ئەخلاق بێت، هەموومانیش دەزانین وانەکانی ئەخلاق کافی نین بۆ ئەوەی ئینسان بگەیننە خۆشگوزەرانی. پێویستمان بە تیۆرییەک هەیە لە زەمینەکەی ئێمە تەتبیق بکرێت.
پێویستمان بەوەیە دەسکارییەکی تەواوی ژیان بکەین. لە کۆڵانە پیسەکانەوە بۆ گەڕەکە نوێیەکان، لە عەقڵییەتی پەرلەمانتارەوە بۆ ڕۆڵی سیاسەت و وەزیفەکانی. لە شوێن و پێگەی سەرۆکەوە بۆ کەسانی دەوروبەری، لە وەزیفەی وەزیرەوە بۆ عەمیدی کۆلێژ، لە دەرزەکانی دیموکراسییەوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵمان، لە گۆڕینی مەنهەجی خوێندنەوە بۆ مەشقدانی ئەو هەموو فەرمانبەرە بێ ئیشانە، لە زیادکردنی مووچەوە هەر بەلایەن کەم و بە دەستی خۆامان گسکێک بە وڵاتەکەماندا بێنین. لەشکرێک لەبنی دونیایەوە دێ ڕزگارمان دەکات و لەشکرێکی دی دێت جادەکانمان خاوێن کاتەوە. ئایا ئێمە لە چ تەمەڵخانەیەکدا دەژین؟؟؟

دەمێکە ڕۆشنبیر لە نێو بەتاڵیی دەژیت، پشتی لە ژیان کردووە و دەنووسێت، دەخوێنێتەوە، بەڵام نووسین و خوێندنەوە بە بێ مومارەسەی ژیان تەنها شیلاوگەی بەرهەمی ئەو وشکەسۆفییانەیە کە لە بەر سێبەری مزگەوتان دانەنیشتن و چاوەڕوانی پەسلانیان دەکرد. بۆیە ڕۆشنبیر کەسێک نییە لە بەتاڵییەوە بێتە بەرهەم و داوای چارەسەرەکان بکات بە بێ گوێدانە ئەو بارودۆخەی کە مێژوویەکی دیاریکراو پێیدا تێدەپەڕێ، هەروەها ڕۆشنبیر ئەو کەسە نییە گەیشتبێتە حەقیقەتەکان و لە بەها ئەزەلییەکانەوە قسەمان بۆ بکات، کتێبمان بۆ بنووسێت، گفتوگۆ ساز دات، بەڵکو ئەو لە بوارێکی دیاریکراوەوە دەبێ بدوێ. ئەگینا ڕۆشنبیر لە کەسێکی عەلمانییەوە دەبێتە ڕاوێژەکەرێکی ئاینی کە دەرزەکانی ئەخلاقمان پێ دەڵێت لە کاتێک دا هەموومان دەزانین ڕێگاچارەکان بە ڕچەی ئەخلاق دا تێناپەڕن. دەرزەکانی ئەخلاق تەنها ئیفلاسییەکە لە بوارە پراتیکەکاندا.

رۆشنبیریش بەرهەمی قۆناغی خۆیەتی، سەرەرای عەبقەرییەتی سارتەر لە بوارە زیندووەکانی ژیانی فەرەنسا، لە دوای شەست و هەشتەوە داوای ئەوەی کرد کە ئیتر ئاخاوتن لە گەڵ رۆشنبیریی بورژوازی مومکین نییە. ئەمە مێژووی ئێمە ناگرێتەوە، ئێمە دەبێ دەرگاکانی دیالۆگ و لێبوردن بکەینەوە. لێبوردوو بین لە گەڵ ئەوانەی لە لێبوردوو نین.

ئەم ژوورە داخراوانە پیویستیان بە کلیلی تایبەت هەیە.

زانکۆی لاستیا لامانچا/ئیسپانیا